# نەوشیروان مستەفا

# لە دوو توێی نهێنیەکاندا

**شاسوار**

لە ئەڵقەی دووهەمی ئەم باس و بەڵگەنامە مێژووییانەدا، چەند لاپەڕەیەکی تریش لە ڕۆژمێرەکەی نەوشیروان مستەفا هەڵدەدەینەوەو ئەو ڕۆژانە بەیاد دێنینەوە، کە گرنگترین مەشهەدی شانۆگەریەکەی نەوشیروان مستەفا پێکدێنن و کەچی تەنیا مەشهەدێکیشیان بە کتێبە بێکەڵکەکانی نەوشیروانەوە نابینرێن.

با ئێستا ڕاستەوخۆ، بیرو ئایدیا کۆنەپەرستەکانی نەوشیروان مستەفاو چالاکیە سیاسیەکانی کە هەمیشەو لە هەموو سەردەمێکدا، لە خزمەتی چینەکانی سەرەوەدا بووە، لە ڕۆژمێرەکەی ساڵانی هەشتاکانی نەوشیروان مستەفا خۆیدا بخوێنینەوە، ئەو ڕۆژانەی شاهیدی ئەوەن نەوشیروان کۆمەڵەی کردۆتە دینەمۆیەکی نوێ بۆ شەڕی ناوخۆو کردنی لاوە هەرە شۆڕشگێڕەکانیشی بە ئامێرێک بۆ تۆڵە سەندنەوە، ئەو لاوانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە دووروو نزیکەوە، بەشیک نەبوون لەو شەڕە. بەڵام هەروەک چۆن دەبینن ئەمڕۆ نەوشیروان؛ حەماسی کۆمەڵە لاوێکی سەرگەرمی کردۆتە دینەمۆی وەدی هێنانی خەونەکانی، ئا بەو جۆرە، لە ڕابووردوویشدا، میکافیلیانە، هەموو شێوازێکی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانج، لەسەرووویانەوە کردنی کاسە سەری لاوە تازەپێگەیشتووە سەرکەشەکانی کۆمەڵە بە بەردەباز بۆ پەڕینەوە بەرەو ئەو ئامانجە، ئەمەیش بە هاندانیان بە ووشە قەبەو فووتێکراوەکان، وەک: ئێوەی قارەمان، ئێوەی نەبەز، ئێوەی شۆڕشگێڕ .. وە تەنانەت پێناسە کردن و ناساندنی کارە هەرە تێرۆریستیەکانی بە پێرۆزو کاری شەرەفمەندانە کە ئەمە نموونەیەکێتی:


بۆ هاوڕێ (وریای) خۆشەویست

ئەم ڕێبازەی نەوشیروان مستەفاو کۆنە هاوڕێکانی لە ڕابووردوودا، کۆمەڵەیان لە تەواوی ئامانجە سیاسیەکانی دوور خستەوە، وە ئیتر لەوەبەدوا، کۆمەڵە بووە داردەستێک بەدەست چەند سەرکردەیەکەوە بۆ وەدی هێنانی بەرژەوەندیە شەخسیەکان، بۆیە مێژووی کۆمەڵەیش بووە بەشێک لە ناکۆکیە خوێناویەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستانداو هەموو ئامانجەکانیشی لەوێدا توانەوە، ئەمە هەروەک چۆن نەوشیروان، لەم ڕۆژگارەیشدا دەیەوێت؛ لە نێوەندی کۆمەڵە گەنجێکی چاونەتروکاودا، خۆی حەشار بدات و ئەوان بکاتە سەرەڕمی ناکۆکیەکان و نوێکردنەوەی شەڕێک کە بە درێژایی مێژوو، پەیوەندیەکی بە ژیانی ئەو گەنجانە خۆیانەوە نەبووە، بەڵکو هەمیشە هەوڵێک بووە بۆ ڕێگرتن لە گەشەی سەربەخۆی بزووتنەوەیەک کە ئەو گەنجانە خۆیان داڕێژەری بوون.

فەرموون لەم ئەڵقەیەشدا ببینن ئەو شەڕە چۆن برەو پێدەدرێت و چۆن لاوە سادەو ساکارە شۆڕشگێرەکانی کۆمەڵە، بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا، بەکار دەهێنرێن بۆ درێژەدان بە شەڕێک کە ئەو لاوانە خۆیان، بە هیچ جۆرێک و لە هیچ سەردەمێکدا، لەو شەڕانەوە نەگلابوون، بەڵکو تەنانەت تەمەنیان بواری ئەوەی نەدابوون لەو شەڕانەوە بئاڵێن. ئەوەتا نەوشیروان مستەفا، بە بەرواری ۱۹۸۱/۹/۹، نامەیەکی تریش بۆ پاکتاوکردنی جەستەی کۆمەڵێکی تر لە شاری سلێمانیدا، ئاراستەی ووریا، بەرپرسی یەکەمی مەفرەزەی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆ (م ک س ر ن) دەکات کە یەکێک بوو لە هەرە چالاکەکانی کۆمەڵە لە شاردا، دواجاریش هەر بە فەرمانی نەوشیروان مستەفاو جێبەجێ کردنی جەبار فەرمان دەکوژرێت و لاشەکەی دەشاردرێتەوە. وە هەر ئەو ڕابووردووە دەیسەلمێنێت، نەوشیروان مستەفا هیچ نیە ڤایرۆسێک نەبێت بەرئەبێتە گیانی هەر بزووتنەوەیەک هیوایەک لەبەردەمیدا بێت، ئیتر ئەمە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی ساڵانی هەشتاکان بێت یان ئەمڕۆ. نەوشیروان هیچ نیە حیلەبازێک نەبێت کە شارەزایانە، بەڵام بۆ ماوەیەکی ئێجگار کورت، دەکەوێتە پشت کۆمەڵە گەنجێکی خوێنگەرم و بێئاگاوە، بۆ وەدی هێنانی چەند مەرامێک، ئیتر ئەمە دانووستان بێت لەگەڵ بەعس یان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی، پێکهاتن بێت لەگەڵ ئیسلامیەکان یان ئێران و توران، بەکارهێنانی کەسانی وەک ووریاو هاوەڵەکانی بێت لەسەردەمی بەعسدا بۆ مەرامە تایبەتەکان یان ئەو لاوە سەرلێشێواوانەی لەئەمڕۆدا، لەدوای لە دەستچوونی هەموو هەلە شۆڕشگێریەکانی بەردەمیان، ئینجا بەخۆیاندا دێنەوەو بە نەوشیرواندا دەچنەوەو دواییش فریای هیچ ناکەون. کۆمەڵگایش هەمیشە پڕە لەو نووسەرە هەلپەرستانەی، ئامادەی چنین و دوورین و دروستکردنی چەندان جۆری جیاوازن لە جل و بەرگ و ماسکی هەمە جۆرە بۆ شاردنەوەی سەروچاوی سەرکردە کارتۆنیەکان و ناساندنی شان و شەوکەتێک کە تەنها لە ئەدەبی ترسنۆکانەو درۆزنانەی ئەو نووسەرانەدا دەبینرێت، ئەمەیش بەو هیوایەی دەستێکیان لە چمکێکی دەسەڵات و پایە پڕ لە نیعمەتەکانی گیر ببێت، ئەو نووسەرانەی دەرکەوتنیان لە جێگایەکی وەک بەرسەرادا، بەبەس دەزانن بۆ ئەوەی نەوشیروانێک، لە ڕێچکە میکافیلیستەکانی خۆیەوە، بیانگەیەنێتە ئەو پایەی خەونە هەرە قووڵەکانی ژیانیان بووە، ئەو نووسەرانەی هیچ نەبوون بازرگانی ووشە نەبێت، ئیتر ئەمە هەر لە ڕۆژنامەنووسە تازە پیا کەوتووەکانەوە تا بە بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح و فاڵچیەکانی تری ڕەهەندیەکان و میدیا درۆزنەکانی وەک هاوڵاتی و ئاوێنەو لڤین دەگات. خۆ ئەگەر ئەو بازرگانانە ئەمەیان بۆ نەلوا، ئەوا هەر لەو ڕێگەیەوە، سازان لەگەڵ دەسەڵات ئاسانتر دەبێت بۆ گەیشتن بە پلەو پایەیەک یان لای کەم بۆ وەدەسخستنی کۆمەڵێک لە ئیمتیازاتی شەرمنانە کە پارچە زەویەک یان بڕینەوەی مووچەیەکە بۆیان. هەمیشەو لە هەموو سەردەمێکیشدا، بازاڕی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووس و نووسەرە هەلپەرستانە واڵایە، بەڵکو بگرە لە بازاڕی تایبەتمەندی ئەواندا، هەروەک بازاڕی یاریەکانی بۆرسە، هەمیشە یاری بە ژیانی هەزاران و ملیۆنانی ئەم کۆمەڵگایە دەکرێت. بۆیە زۆر ئاساییە، ڕۆڵی ئەم نووسەرانە، هەروەک ڕۆڵی خۆڵڕێژێک، کۆکردنەوەو بەکێشکردنی ڕۆژمێرە ڕۆبسبێریەکانی نەوشیروان مستەفا بێت بۆ ئەودیو مێژوو، وە ئیتر خۆیان بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان و ئاغاکانیان، مێژوو دابتاشن و پاڵەوان دروست بکەن و بە ووشە بێماناکانیان داستانێکی نوێی پڕ لە درۆ بە بازاڕی سیاسەت پێشکەش بکەن و ئەو ڕابووردووەی تیا بشارنەوە کە هەرگیز لە مێژوو وون نابێت و هەرگیز پاساوی پاکتاوکردنە جەستەییەکانی نەوشیروان مستەفا ناکات. وە وەک نموونەیەک لە دەیان نموونەی پارێزراوی تر لەو جۆرە بەڵگەنامانە لەلای ئێمە، ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوەیش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە دەخەینەڕوو کە بڕیارێکی تری سەرکردایەتی کۆمەڵەیە بۆ تیرۆرکردن و لە سێدارەدانی ژمارەیەکی تر لە شاری سلێمانیدا، کە بە پێنووسی خودی نەوشیروان مستەفا

خۆی و بە مۆری کۆمەڵەیە، نموونەیەک کە هەر لایەقە بە تیرۆریستێکی وەک نەوشیروان مستەفا کە تیرۆرەکانی تەنانەت ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵەیش دەگرێتەوە ئەم کارە بەناو پیرۆزەیان پێدەسپێردرێت:



هەر لەساڵی ١٩٨١ داو دوابەدوای ئەنجامدانی فەرمانەکانی نەوشیروان مستەفا، ئێستگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرخۆشی خۆی ڕادەگەیەنێت بە کەس و کاری ژمارەیەک لەو ئیعدام کراوانە، وەک: نوری حەمە عەلی و عەبدولی سوران.
ئەم هەواڵە ووریا دادەچڵەکێنێت و بە سەرسامیەکی زۆرەوە، نامەیەک ئاراستەی کەسی یەکەمی کۆمەڵە، نەوشیروان مستەفا دەکات، ئەمەیش بە ئامانجی ڕوون کردنەوەی ئەو هەواڵە.
نەوشیروان بە پەلە ووریا ئاگادار دەکات کە هەموو نامەکانی بۆ بگێڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی. ووریایش دەڵێت: تەنها بەڵگەیەک کە دەری بخات ئێمە لە خۆمانەوە ئەم کارەمان نەکردووە، ئەو نامانەن، بۆیە ناتوانم بۆتان بگێڕمەوە.

ئەمە دەبێتە كێشەیەكی درێژخایەنی نێوان نەوشیروان و ووریا. بۆیە ساڵانی دواتر ووریا بەكێش دەكرێت بۆ سەركردایەتی. دوای مشت و مڕێكی زۆر و بە ئەنجام نەگەیشتن، لە بەرواری ١٩٨٣/٩/١١، لە دێی هەڵەدن، جەبار فەرمان، بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا، ووریا بە تەور دادەپاچێت و جەستەكەیشی دەشارنەوە.

پاش دۆزینەوەی تەرمی ووریا بە ماوەیەك لە لایەن كەسوكاریەوە، هەڕەشە لەوانیش دەكرێت كە نابێت بە هیچ جۆرێك ئەم نهێنیە بدركێنرێت. بەڵام نەوشیروان ناچار دەكرێت دان بەوەدا بنێت كە ووریا ئیعدامی شۆڕشگێرانە كراوە لەسەر ئەوەی كە لە شاری سلێمانیدا چەند كەسێكی كوشتووە بەبێ پرسی سەركردایەتی. بۆ چارەڕەشی نەوشیروان مستەفایش، مێژوو بێرەحمانە مامەڵە دەكات و سەرگوزشتەی ووریا، بە كۆمەڵێك بەڵگەنامە، بۆ نەوەكانی ئەمڕۆ دەگێڕێتەوەو وەك شاهیدێكی مێژوویی‌یش بەسەر نەوشیروانەوە، دەری دەخات؛ لاوە سادەو ساكارەكانی كۆمەڵە، لەخۆوە ئەو كارانەیان ئەنجام نەداوە، بەڵكو بە فەرمانی كەسی یەكەمی كۆمەڵە جێبەجێ كراوە، كەسێك كە خاوەنی ڕۆژمێرێكی ڕۆبسبێرانەیەو لە لاپەڕە پارێزراوەكانی تریدا لە لای ئێمە، دەیان لاپەڕەو بەڵگەنامەی تری لەو جۆرەتان بۆ هەڵدەدەینەوە لە ئەڵقەو زنجیرەكانی داهاتوودا، ئەو لاپەڕانەیش ئەو بەڵگەنامانەن كە ڕۆژێ لە ڕۆژان، نەوشیروانیش لەگەڵ هاوخوێنەكانیدا، ڕاپێچی قەفەزی تاوان دەكات.